ڕاگەیاندنی ژمارە – 4 =

## ئیسلامی یەکان فەرمانی مەرگی مەریوان هەلەبجەیی دەدەن و دەستەلاتیش پارێزگاریان لیّ دەکات !

زیاتر لە مانگێك بەسەر شکاتنامەی یەکیەتی زانایانی ئیسلامی ... تیّ دەپەڕێت، دواتر پاش ئەم هەنگاوە "یاسای یە" یان بەشێکی بەرچاو لەمزگەوت ودەزگاکانی ڕاگەیاندنی حزبە ئیسلامییەکان کرانە بڵندگۆی شەرعیەتدان بەفتوای مەرگ ولەناو بردنی مەریوان هەلەبجەیی. کار گەشت بەوشوێنەی کە تا ئێستە گۆڕپانی زۆرێك لە شەقامی شارو شارۆچکەکانی کوردستان کرانە مەیدانی مانۆڕلێدان و هەڕەشەی مەرگ ولەناوبردنی مەریوان. دەبینین ودەبیستین کە چۆن ڕۆژانە بڵندگۆی مزگەوتەکان و دەزگانی ڕاگەیاندنی ئەم لایەنانە بەدەر لە هەر سووکایەتی کردن و هەڕەشەی گوڕەشەیەك لە مەریوان، لایەنگرانی خۆیان هاندەدەن بۆ کوشتن و لەناو بردنی مەرویوان هەلەبجەی . تا سەرئەنجام کۆمەڵی ئیسلامی دوێنی لە خۆپیشاندانی شاری هەلێردا بە ئاشکرا ڕایان گەیاندن کە " ئەگەر حکومەت بەپیّ ی شەرع سزای مەریوان نەدات، یان ئەگەر مەریوان پەشیمان نەبێتەوە... ئەوا کۆمەڵی ئیسلامی فەتوای کوشتنی مەریوان هەڵەبجەیی داوە"و خۆیان بەو کارە هەڵدەسن.

بەداخەوە لە پرۆسەی ئەم خۆپیشاندان و فتوادانانەی هەر ڕۆژەدا، دەزگاکانی ئاسایشی حزب وحکومەتی یەکیەتی نیشتمانی نەك هیچ کارێکی بۆ مسۆگەر کردنی ژیان وئەمنیەتی مەریوان هەلەبجەی ئەنجامنەداوە بەڵکو بەکردەوە ڕێگەیان بۆ هەڕەشەو گوڕەشەی ئیسلامی یەکان خۆش کردوەو ئەو ئاسایشانەی کە تا دووێنی لە هەر سووچی کۆلان و شەقامێکەوە دەنگی ناڕەزایەتی خەلك بهاتایە لەسەر نەبوونی کارەباو بانزین و پیداویستەیەکانی ژیانی ڕۆژانە ، ئەوان دەستیان لەسەر ماشەی تفەنگەکانیان بوو وە ڕووبەڕوویان دەبوونەوە، بەلام ئەمڕۆ دەبینین هەر ڕۆژەی لەشارو شارۆچکەیەوە پارێزگاری لەخۆپێشاندان وشمشێر هەڵکێشان و هەڕەشەو گوڕەشەکانی ئیسلامی یەکان دەکەن دژ بە مەریوان هەلەبجەی. تازە کار بەمەشەوە نەوەستاوە تەنانەت هەندیّ لەوەزارەت و دامودەزگاکانی خۆشیان بوونەتە بەشێك لەو کەمپەینەو بانگەژەی فتواو سزادان وکوشتنی مەریوان دەکەن. تەسریحاتەکانی وەزیری ئەوقاف و نموونەیەکی بەرچاوی ئەم ڕاستی یانەیە کە حکومەتەکەی یەکیەتی نیشتمانی هیچ جۆرە لیپرسینەوەیەکی لەوبارەوە نەبووەو تا ئەو ڕادەی کە وەزیری ئەقاف نەك تەنها هەڕەشە لە مەریوان بکات و فتواکەی دووبارە بکاتەوە بەڵکو بە ئاشکرا لە کەنالەکانی ڕاگەیاندنەوە ئاماژە بەوە بکات کە هیچ کەسێك مافی ئازادی بیروڕادەبرین و ڕەخنەگرتنی نی یەو ناکریّ لەژێر هیچ ناوێکدا باس و خواست لەسەر " خوا ، قورئان ، پێغمبەر " بکریّ .

ئێمە لێرەدا بە پیویستی دەزانین ئەوە ڕابگەیەنین کە ئیدارەی سلێمانی لە بەرانبەر سەلامەتی گیانی مەریوان هەڵەبجەیی و خیزانەکەیدا بەرپرسیارن، بۆیە پێویستە بەشیوەیەکی یاسایی بەدواچوون ولیپرسینەوەیان لەسەر تەسریحات وچالاکی یەکانی ئەو لایەنانە هەبیّ کە بەئاشکرا بانگەوازی کوشتن ولەناوبردنی مەریوان هەلەبجەیی دەکەن. هەرلێرەشدا جێگەی خۆیەتی ئەوەش دووپات بکەینەوە، ئەگەر یەکیەتی نیشتمانی کوردستان وئیدارەی سلیمانی، ادعایەکی هەیەو ئامادە نی یە ملبدا بەو لایەنانەی کە فتوای مەرگ و لەناوبردنی مەریوان دەدان ئەوا دەکریّ سەباری هەر جۆرە لیپرسینەوەیەکی جدی و لپڕاوانە لەگەل نیهادەکانی خۆیان وبەتایبەت پاش ڕەدانەوەی هەڵوێستی وەزارەتی ئەوقاف، هەروەها هەلوێستی خۆیان لەگەل ئیسلامی یەکاندا جیابکەنەوەو لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، ئەوە بەخەڵکی کوردستان ڕاگەیەنن کە نەك هەر ئامادەنین کە مل بدەن بە فتوای مەرگی مەریوان هەلەبجەی بەڵکو ڕێگە لە هەموو ئەو لایانانە دەگرن کە هەڕەشە لە ئەمنیەت وئاسایشی خەلکی کوردستان دەکەن. ئەو کات ئەم هەڵویستە جیاواز لەوەی کە دەبێتە هۆی نیشانەوەی هەڕەشەو گوڕەشەی ئەو لایەنە ئیسلامیانە هەروەها ئەم هەلوێستە ئیدارەو حزب و دەستەلاتی یەکیەتی نیشتمانی دەبیتە هۆی نیشاندانی مەسولیەتێکی گرنگ لەبەرامبەر بە ژیان وچارەنووسی تاکەکانی کۆمەلگاو کە جیگەی پیشوازی لیّ کردن دەبێت !

کەمپەینی داکۆکی کردن لە ئازادی بیروڕادەربرین / مەریوان هەلەبجەی

2006/ 2 / 15